

# داری دیجیتالی بۆ شەحنکردنەوەی ئامێرەکان

ئێستا لە زۆربەیماڵەکاندا چەندین ئامێر هەن کە پێویستیان بە شەحنکردنەوەیە هەیە، وەك مۆبایل، لاپتۆپ، کامێرا...تاد، بۆ هەر ئامێرێکیش دەبێت شەحنکەرەوەی تایبەت بەو ئامێرە هەبێت، بوونی ئەو هەموو شەحنکەرەوەیە دەبێتە هۆی قەرەباڵغییەکی زۆر لەماڵدا. هەموو شەحنکەرەوەکانیش بۆ شەحنکردنەوە و بارگاوی کردنی باتری ئامێرەکان پێویستیان بە وزەی کارەبایە، رەنگە کارەباش لە هەموو شوێنێك و یان هەموو کاتێك بوونی نەبێت، بۆیە کۆمپانیای Brando بیرۆکەیەکی باشی لەم بوارەدا هەیە و بیرۆکەکەشی خستۆتە بواری جێبەجێکردنەوەو ئامێرێکی بەرهەم هێناوە کە پێیدەگوترێت داری دیجیتالی بۆ شەحنکردنەوەی ئامێرەکان. ئەم دارە دیجیتالییە وزەی پێویست بۆ شەحنکردنەوە لە خۆر وەردەگرێت و گەڵای دارەکە ئەرکی وەرگرتنی وزە لە خۆر بەڕێوە دەبەن. شەحنکەرەوەکە بە ئاسانی رادەگوازرێ و لە جانتادای سەفەردا جێگای دەبێتەوە و دەکرێت بۆ سەیران و گەشت و گەڕان بۆ هەر شوێنێك لەگەڵ خۆتی بەریت، بەتایبەتی بۆ شوێنە چیایی و دارستانەکان کە وزەی کارەبای لێ وەدەست ناکەوێت..



# قەڵەمێکی دیجیتاڵی تایبەت بە شاشەی لەمسی

شاشە لەمسییەکان لە مۆبایل و لاپتۆپ و بگرە هەتا کامێرا و تەبلێت جگە لەوەی دەکرێت بە پەنجەکان ئەرك و فەرمانەکان جێبەجێ بکەی، زۆربەیان قەڵەمێکی تایبەتیان لەگەڵە بۆ کارئاسانی لە ئەنجامدانی ئەرکەکان. لەم دواییەدا کۆمپانیای Adonit قەڵەمێکی نوێی بەناوی Jot touch بەرهەم هێناوە، بەپێی وتەی بەڕێوەبەرانی کۆمپانیا قەڵەمەکە لەگەڵ گشت شاشە لەمسییەکان دەگونجێت.

هەروەك لە وێنەکەدا دەبینین، نوکی قەڵەمەکە لە دیسکێکی شەفاف دەچێت کە بەهۆیەوە دەتوانرێت بە ئاسانی ئەرك و فەرمانەکان جێبەجێ بکرێن. ئەرکی دیسکە شەفافەکە ئەوەیە کە بە وردی شوێنی مەبەست بۆ بەکارهێنەرەکەی لە شاشە لەمسییەکەدا دەستنیشان دەکات.

خاڵی بەرچاو لەو قەڵەمە دیجیتالییەدا ئەوەیە کە بەهۆی سیستەمی بلوتوسەوە بە ئایپاد و تەبلێتەکانەوە پەیوەند دەدرێت ئەوکات هەستیار بوون بە فشار نیشان دەدات. بۆ سوود وەرگرتن لەو قەڵەمە ئەلکترۆنییە پێویستە پرۆگرامی Jot Ready Apps لەسەر کۆمپیوتەر یا تەبلێت دابەزێنیت.

# سەرنجێکی خێرا بەسەر تەبلێتی ویکیپیددا



تەبلێت لە دونیای دیجیتالدا مێژوویەکی لەمێژینەی نییە، دەکرێت بڵێین لە 5 ساڵ تێپەڕ ناکات، لەگەڵ ئەوەشدا تا رادەیەك شوێنی لاپتۆپی گرتۆتەوە، بەهۆی ئەوەی کە کێشی کەمە و قەبارەکەشی بچووکە و بۆ هەڵگرتن و گەشتکردن ئاسان هەڵدەگیرێت. زۆربەی تەبلێتەکان لەمسین و کیبۆردی مەجازیان هەیە...هەربۆیە گەمەئەلکترۆنی کردن بۆ ماوەی زیاتر لە چەند کاتژمێرێك تارادەیەك دژوارە، بەڵام تەبلێتی جۆری ویکیپید بەهۆی دیزاینە سەرنج ڕاکێشەکەی تەواو بۆ گەمەی ئەلکترۆنی دەگونجێت..

تەبلێتی ویکیپید شاشەکەی 10 ئینجە، کوالیتی نیشاندانی زۆر بەهێزە، رامەکەی یەك گیگابایتە، هاردی ناوخۆی 16 گیگابایتە. خاوەنی دوو کامێرایە، کامێرای پشتەوەی 8 میگاپیکسلە و ئەوەی پێشەوە 2 میگاپیکسلە. جویستیك یا دەسکی گەمەی لە تەنیشتەکانییەتی، لەسەر دەسکی گەمە سپیکەرەکان دەبیندرێن. بۆ ئەوانەی کە هۆگری یاری ئەلکترۆنین، ئامێرێکی گونجاوە بە هەزاران گەیمی تایبەت بەو تەبلێتە بە شێوەی ئۆنلاین لە ئینتەرنێتدا هەن.



# کیبۆرد و ماوسی تایبەت بە ویندۆز8

مایکرۆسۆفت لەم ڕۆژانەدا بە فەرمی ویندۆز8 کە دوایین ویندۆزی کۆمپانیای ناوبراوە، ختە بازارەوە، بڵاوبوونەوەی ویندۆز8 لەگەڵ پەرەسەندنی شاشەی لەمسی هاتە بەرهەم، هەربۆیە کۆمپانیای مایکرۆسۆفت لەم ویندۆزەیدا گرنگییەکی زۆری بە سیستەمی لەمسی داوە. هەربۆیە بەشی هاردوێری کۆمپانیای ناوبراو کیبۆرد و ماوسی تایبەت بەو سیستەمە هێناوەتە بەرهەم کە لەگەڵ تەبلێت و کۆمپیوتەری لەمسی دەگونجێت. کیبۆرد و ماوسەکە وایەرلەیسن و بەبێ گرفت لەگەڵ مۆبایل و لاپتۆپ و تەبلێتی لەمسی کە خاوەنی ویندۆز8ن دەگونجێن.

کیبۆرد و ماوسەکە بەهۆی بلوتوسەوە لەگەڵ کۆمپیوتەر یا تەبلێت پەیوەند دەدرێن، بەڵام گەر حەز نەکەی پەیوەندییەکی وایەرلەیسیان هەبێت، دەکرێت بەهۆی وایەرەوەش پەیوەندییان پێکەوە هەبێت.

کیبۆردەکە کە بە Wedge mobile keyboard ناسراوە، کێشێکی کەمی هەیە و باریکە و وزەی خۆی لە جوتە باترێکی قەڵەمی وەردەگرێت. کیبۆردەکە چەندین دوگمەی تایبەتی تێدایە بۆ خێرایی لە کردنەوەی سایتەکان لە ئینتەرنێتدا. کیبۆردەکە چوارچێوەیەکی نەرمی هەیە تا زیان بە تەبلێتەکان نەگەیەنێت، چوارچێوەیەکە هۆشمەند و موگناتیسییە وەك پایەیەکیش بۆ تەبلێتەکە دەگونجێت و تەبلێتەکە بەشێوەی ئاسۆیی و ستوونی لەسەری دادەنرێت.

ماوسی جۆری wedge touch mouse دیزاینێکی سەرنج ڕاکێش و تا ڕادەیەك سەیری هەیە، لە ڕاستیدا کەمکێشترین و بچووکترین ماوسە کە کۆمپانیای مایکرۆسۆفت بەرهەمی هێنابێ، هەروەك پێشتر ئاماژەی پێدرا وایەرلەیسە و وزەی خۆی لە باترییەکی قەڵەمی وەردەگرێت کە هەتا 18 مانگ شەحنی باترییەکە دانابەزێت. ماوسەکە لە تەکنەلۆژیای لەیزەری Blue track کەڵك وەردەگرێت کە ئەم سیستەمە بۆتە هۆ ئەوەی ماوسەکە لەسەر هەموو شوێنێك ئەرکی خۆی بە باشی ئەنجام بدات.

# گەر لاپتۆپەکەمان ئاوی بەسەردا ڕژا چی بکەین؟

خەریکی نووسینی بابەتێکی گرنگی، یان خەریکی چاتکردنی لە فەیسبووکدا لەگەڵ هاورێکانت، یان گوێت لە مۆسیقایەکی دڵڕفێن گرتووە یان...ئالەم کاتەدا گڵاسە ئاوێك یان پیاڵە چایەك کە ئاگات لێی نەبووە لە کەیەوە لە لای لاپتۆپەکەتە، دەڕژێتە سەر لاپتۆپەکەت و تەواو تەنگەتاو دەبیت. لە کاتێکی وادا هیچ مەشڵەژێ، زۆر بە خێرایی لە کارەبای دەرێنە و دەستبەجێ باترییەکەی دەربێنە. ئەگەر تەنیا چەند دڵۆپێك ئاو بەسەر لاپتۆپەکەت داڕژاوە، تەنیا بە پارچەیەکی نەرم خاوێنی بکەوە و لاپتۆپەکە بەراوەژوو بکە و لێك بکرێتەوە، وەك ژمارەی (٨) دایبنێ. بۆ ماوەی 5 هەتا شەش کاتژمێر لێبگەرێ با بەویستی خۆی وشك بێتەوە. ئەگەر ناتوانی ئەو ماوەیە ڕاوەستی بە پانکە وشکی بکەوە، بەڵام بەهیچ جۆرێك بە مجففە وشکی مەکەوە، چونکە ئەگەری سووتانی ئەنتیگرێتەکانی ناو لاپتۆپەکە هەیە. ئەگەر گڵاسێکی ئاوی بەسەردا ڕژا، دوای دەرهێنانی باتری و نەچوونی هیچ سەرچاوەیەکی وزە بۆ لاپتۆپەکە، بە گەسکی کارەبایی ئاوەکەی هەڵمژە. دواتر بۆ ماوەی هەفتەیەك لە کیسەیەکی برنجی بخە. چونکە برنج مادەی شێ هەڵدەمژێ، بەڵام ئەگەر ئەو شلەیەی بەسەر لاپتۆپەکەدا ڕژا ئاو نەبوو و چایەکی شیرین بوو، پێویستە بە پارچەیەکی نەرم کە بە سپرتۆ کرابێت لاپتۆپەکە لە مادەی شیرینی پاك بکرێتەوە.







## دوو سایت بۆ نووسەران و رۆژنامەنووسان

لە جیهانــی ئینتەرنێتدا هــەر توێژ و چینێك شــوێنێکی تایبــەت بەخۆی هەیە و ئــەو گوندە بچووکــە لە بواری خێرایی گەیاندن و ئەو شــارە مەزنە لە بــواری بەرفرەیی و دەوڵەمەندی بە داتا و زانیاری بۆ هەموو تاکێکی کۆمەڵگا ســوودی خۆی هەبووە و هەرچەند بەداخەوە بەهۆی خراپ سوودلێوەرگرتنی بێ زیانیش نەبووە..

نووسەران و رۆژنامەنووسان لە ئینتەرنێتدا بەشی شــێریان بەرکەوتووە، جیهانی راگەیاندن و گەیاندن بەهــۆی ئینتەرنێتــەوە گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی بەخۆوە دی. سایت و ماڵپەڕەکان خەریکە شوێن بە رۆژنامە و بڵاوکراوەی کلاسیکی لەق بکەن...

لەم ژمارەیەدا دوو ســایتتان پێ دەناسێنین کە



تایبەتن بە توێژی رۆژنامەنووســان و نووســەران، ســایتی www.foboko.com کــە زۆر لەمێژنییە دەستبەکار بووە، تایبەتە بەو نووسەرانەی کە دەیانەوێ کتێبەکانیــان لە جیهانی ئینتەرنێتدا بڵاو بکەنەوە. ئەم سایتە دوای وەرگرتنی دەقەکە، نەخشەســازی دەکات و بە فۆرماتە جۆراوجۆرەکان وەك html، text،PDF....دەگۆڕێت.

سایتی livingjunction بە پەیوەندی گرتن بە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی وەك تویتەر، فەیسبوك ...تاد ســەرچاوەیەکی باشە بۆ ئەو بابەتانەی کە بەکارهێنەرەکەی خوازیاریەتی، لەم ســایتەدا خۆت رۆڵی سەرنووســەر دەبینیت، تەنیا ئەوەندە بەســە کە سەرپەرشــتی بابەتەکان بکەیت و گۆڤارێکی ئۆنلاین لە ئینتەرنێتدا بڵاو بکەیەوە.

## ئامێرێک بۆ ترساندنی دزان

رەنگە سەرتان لەم مانشێتەی سەرەوە سوڕ بمێنێ، هەتا ئێستا دز بووەتە مایەی ترس و دڵەڕاوکێ بۆ ئەو شــوێنانەی کە نیازی دزیان لێدەکەن. هەربۆیە شــوێنە گرنگەکان چەندین پاسەوانی تایبەتیان بۆ دانراوە، هەروەها فرۆشگاو سوپەرمارکێتەکان جگە لە پاسەوان، سیســتەمی ئەمنییەتی زۆر بەهێزیان هەیــە، وەك کامێــرای چاودێری و سیســتەمی وشیارکەرەوە..

ئــەم ئامێرەی کــە لێرەدا دەیبینــن ئامێرێکی ئاگادارکەرەوەیە، لەگەڵ ئەوەشــدا ترســێکی زۆر دەخاتە دڵی ئەو کەســانەی نیــازی خراپەکاریان هەیــە. ئامێرەکە وەك ئامێری لەیزەری ئەمنییەتی لە فیلمە سینەماییەکان دەچێت، کە لە چەندین لاوە تیشــکی لەیزەر بڵاودەکاتەوە، بەڵام ئەوەندەی هەیە کە تیشکە لەیزەرییەکە تەنیا بۆ ترساندنە و ئەگینا هیچ مەترســیی نییە، لەگەڵ ئەوەشدا زەنگێکی هۆشیارکردنەوەشــی هەیە، هەرکــە دزەکە کەوتە بەر تیشکی لەیزەرەکــە چــا لا ك دەبێت.




## به دەستخەتی خۆتان

هەمووومــان دەزانیــن کــە گــوگل گەورەتریــن ســایتی دۆزەرەوەی وێنە و دوکیۆمێنت و فیلمە و بە کورتی هەرچی مەبەســتتە لە ئینتەرنێتدا، کورد گوتەنی هەمبانەبۆرینەیەکە بۆخۆی و هەر زانیاری و داتایەك کە مەبەستتە تەنیا ئەوەندە بەسە کە دەستەواژەکەی بۆ بنووسی و ئیدی لە چاولەسەریەکدانانێکدا بۆت دەدۆزێتەوە.

لەم دواییەدا کە سیســتەمی لەمســی کۆمپیوتەر و مۆبایلی گرتۆتەوەو بە لەمس دەتوانی ئەرك و فەرمانەکان ئەنجام بدەی، گوگلیش خزمەتگوزارییەکی نوێی بەناوی handwrite خســتۆتە سایتەکەیەوە. ئەگەر ئێوە مۆبایلەکەتان یان تەبلێتەکەتان لەمسی بێت، دەتوانیت بە سوود وەرگرتن لــە خزمەتگــوزاری handwriting recognition بەبێ نووســین تەنیا

## (تی شرێت)یش هێڵی ئینتەرنێت وەردەگرێت!

جیهانی تەکنەلۆژیای دیجیتال وا تێکەڵاوی ژیانی رۆژانەمان بووە، چی وای نەماوە گۆرەوی و پێڵاوەکانیشمان ببنە دیجیتال! ئەگەر رۆژێك گوتیان دەکرێت بە پێڵاوەکانت فیلم هەڵگریەوە یان بە گۆرەوییەکانت گوێ لە مۆسیقا بگری هیچ لەلات سەیر نەبێت! چونکە نموونەی زیندوو ئەو تی شــێرتەیە کە وێنەکەی لێرەدا دەبینن. ئەم تیشرتەی دەیبینن بیرۆکەیەکی نوێیە بۆ ئەوەی کە جلوبەرگیــش لە داهاتوودا بەرەو دیجیتالی بوون هەنگاو دەنێت؟ چونکە ئەم تی شــێرتە خاوەنی شاشەی LEDیە، کامێرای وێنە و فیلم گرتنی هەیە، مایکی تێدایە و بڵندگۆ واتە سپیکەری تایبەتیی هەیە بۆ گوێ گرتن لە مۆسیقا.

(تی شێرت) ی جۆری T-shirt OS هێڵی ئەنتەرنێت وەردەگرێت و لەمەولا دەکرێت هەر بە رێگاوە ســەیری ئەو پەیامانە بکەیت کە لە فەیسبووك بۆت هاتوون و هەر بە رێگاوەش وەڵامیان بدەیەوە. تیشــێرتەکە هەتا ئێستا وەك بیرۆکەیەك دیزاینی بۆ کراوەو هێشتا بە بەربڵاوی نەکەوتۆتە بازاڕەوە، بەڵام رەنگە لە ساڵی داهاتوودا لە بازاڕەکانی جیهاندا بەرچاو بکەوێت.



# سێرچ لە گوگڵدا بکەن

به دەستخەتی خۆت ئەنجام بدەی.

لە سەرەتادا بۆ ئەکتیڤ کردنی ئەو خزمەتگوزارییە نوێیە دەبێ سەر لە سایتی google.com/preferences بدەی و پاشان فەرمانی handwrite بدۆزیەوە و دواتر فەرمانی Enable لێبدەی.

دوای ئەوە لە سایتی گوگڵ لە بەشی بەدواگەڕاندا لە خوارەوەی پیتی G دەبینی. بە لەمسکردنی ئەو پیتە ئێوە دەتوانن بە دەستخەتی خۆتان سێرچ بکەن، بەڵام هەتا ئێستا لەگەڵ زمانی کوردی گرفتی هەیە و ڕەنگە لەماوەیەکی کەمدا زمانی کوردیش بە خزمەتگوزارییەی نوێیەی گوگڵ زیاد بێت.






# هەر جارەو وەڵامی پرسیارێک

خوێنەرێکی بەڕێزی ئایتی پرسیارێکی بۆ هاتۆتە پێش و دەپرسێت، ماوەیەکە کۆمپیوتەرەکەم بەبێ هیچ هۆیەك هەر لە خۆڕا دەکوژێتەوە؟ ئایا هۆکارەکەی ڤایرۆسە یان ئەوەیە کە لە شوێنێکەوە کۆنترۆڵی کۆمپیوتەرەکەمیان گرتبێتە دەست و بیکوژێننەوە؟

خوێنەری بەڕێز، ڤایرۆس بۆ کاری تێکدەرانە لە کۆمپیوتەردا ڕۆڵی خۆی دەبینێت، بەڵێ دەکرێت ڤایرۆسێك ببێتە هۆکار بۆ کوژاندنەوەی ئۆتۆماتیکی کۆمپیوتەر، بەڵام هۆکاری سەرەکیی کوژانەوە پەیوەندی بە CPUی کۆمپیوتەرەوە هەیە، ئەو بەشە لە کۆمپیوتەر وەك دڵی کۆمپیوتەر سەیر دەکرێت، ئەگەر کێشەیەك بۆ ئەم بەشە دروست بێت، گرفت لە هەموو کۆمپیوتەردا دروست دەبێت، بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە دەبێ سەرنج بدەیت بزانی ئایا CPUی کۆمپیوتەرەکەت کە وەك دڵێك لەناوەندی کۆمپیوتەردایە لە شوێنی خۆی نەجووڵاوە، یان شل نییە، دواتر کە لەمە دڵنیا بوویت، بزانە ئایا ئەو "فەن" واتە پانکانەی بۆ مەبەستی ساردکردنەوەی CPU داندراون بە باشی کار دەکەن، چونکە بەهۆی تۆز و خۆڵەوە تووشی وەستان و دابەزینی خێرایی دەبن، هۆکارێکی گرنگی کوژانەوە پەیوەندی بەم کەش و هەوایەوە هەیە، چونکە کەشەکە یەکجار گەرمە و پانکەکانی کۆمپیوتەریش ناتوانن فێنکیی پێویست بۆ CPU دابین بکەن ئەوە دەبێتە هۆی ئەوەی CPU گەرم دابێت و ببێتە هۆی کوژانەوەی کۆمپیوتەر. بە هەرحاڵ گرفتی کوژانەوەی بێ هۆکاری کۆمپیوتەر پەیوەندیی تەواوی بە CPUی کۆمپیوتەرەکەتەوە هەیە، دوایین جار ئەگەر هەر باش نەبوو ئەوە دەتوانیت CPUیەکەی بگۆڕیت...

## پرۆگرامی PicturesToExe بۆ چێکردنی ئەلبۆمی دیجیتالی

ئەلبۆمی دیجیتالی واتە ئەو ئەلبۆمەی کە تەنیا لەسەر شاشە نیشان دەدرێت، ماوەیەك جێ خۆی کردۆتەوە، هەرچەندە ئەلبۆمی کلاسیکی هێشتا ئەو چێژەی خۆی لەدەست نەداوە، چەندین پرۆگرام هەن بۆ دروستکردنی ئەلبۆمی دیجیتالی، ئەو پەیجانەی کە نیشاندەری وێنەیەکن سلایدیان پێدەگوترێت، پرۆگرامی پاوەرپۆینتی مایکرۆسۆفت ئۆفیس لە ریزی باشترین سلایدشۆکان دێت، بەڵام هەر سلایدشۆیەك لە وێنە پێویستی بە پرۆگرامێکە بۆ بڵاوکردنەوە، ئەگەر سلایدەکە فیلم بێت پێویستی بە پرۆگرامی پلەیەری فیلمە و ئەگەر پاوەرپوینت بێت پێویستی بە بەستە پرۆگرامی پاوەرپوینتە. بەڵام بەهۆی پرۆگرامی PicturesToExe دەتوانیت بە ئاسانی سلایدشۆیەك بە فۆرماتی EXE ئامادە بکەی و بێ ئەوەی کەی پێویستی بە پرۆگرامێك بێت بۆ لێدانەوەی سلایدەکە. بەهۆی پرۆگرامی ناوبراو دەتوانیت سکرین سەیڤەری جوان و سەرنج ڕاکێش دروست بکەیت، هەروەها دەتوانیت دی ڤی دی سلایدشۆ بە بەرزترین کوالیتی دروست بکەیت. بوونی سەدان ئیفێکتی جوان بۆ زیاتر ڕازاوەکردنی ئەلبۆمەکان لەو پرۆگرامەدا هەیە.

